# سیحری دەستوور..!

دارا مەحمود

زۆربەمان دوای ڕووخانی سەدام و ڕژێمەکەی بەهارمان هێنایە چۆکان و خۆمان لە داهاتوویەکی پرشنگدار بۆ عیراق خۆشکرد. و بنەمای هیواکانیشمان لەسەر دووشت ڕۆنرابوون: یەکەم کاریگەریی و پاڵپشتی نێونەتەوەیی. و دووەمیشیان باوەڕهێنان بەوەی ساڵانی ڕەش و تاریکی سەردەمی بەعس، خەڵکی عیراق و پارتە سیاسیەکانی فێری ئەو ئەزموونەکرد کە قەدری عافیەت بزانن و بەچەنگ و ددان دیموکراسی و ماف و ئازادییەکانیانی خۆیان بستێنن. بەڵام ئەم هیوایە بەرە بەرە بوو بە بڵقی سەرئاوو ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەییش ئەم بێهیواییەی بە لوتکە گەیاند.

نێوەرۆکی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی بەجۆرێك داڕێژراوە کە تەنیا ڕواڵەتێکی دیموکراسی کەبریتییە لە هەڵبژاردنی ئازاد و دەستاودەستکردنی دەسەڵات مسۆگەر دەکات و تەواوی چەمك و دەستەواژەکانی تری وەك: بنەماکانی دیموکراسی، ئازادی، ماف...هەموو لاستیکین و هەرکەس دەتوانێ لەگۆڕ خواست و بەرژەوەندی خۆی لێکیداتەوەو تەئویلی بۆ دابنێت. چونکە لەتەواوی جیهاندا دەقێکی وا لەگۆڕێدا نییە کە پێناسەی بنەماکانی دیموکراسیمان بۆ بکات. دەقێك کە لەڕووی یاساییەوە پەسەند کرابێت و وڵاتان ئیمزایان کردبێت. بەڵکو ئەوەی هەیە هەمووی دەقی ئەکادیمی و سیاسین و چەندان خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرن.

بەڵام بۆ ئەم پێکهاتەی ئەمڕۆی عیراق و شێوازی دابەشبوونی مەزهەبی و نەتەوەیی و سیاسی...وەها دەستوورێك لۆژیکییەو باوەڕیش بەو کەسانە دەکەم کە دەڵێن لەمە زیاتر لەتوانادا نەبووە.

وڵاتێك کە زۆرینەی خەڵکەکەی لەناو تاریکی مەزهەبدا کوێرانە پەلدەکوتێت. و ئەو پارتانەش کە نوێنەرایەتی ئەم خەڵکە دەکەن و بنەمای فکریان لە مەزهەبەوە سەرچاوەدەگرێت و جڵەوی سەرەکی دەسەڵاتیان کەوتۆتە دەست، لەباشترین حاڵەتدا تەنیا دیموکراسییەکیان لێ چاوەڕێ دەکرێت کە نموونەکانی لە ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین دەبینین.

هەڵبژاردنی دیموکراسی وەك سەرکەوتووترین سیستەمی حوکم، تەنیا بەمە کۆتایی نایەت کە هەڵبژاردنی ئازادانە ئەنجام بدرێت و دەسەڵات دەستاودەست بکرێت. ئەمانە خۆیان لەخۆیاندا ئامانج نین. بەڵکو ئەو ڕێگاو شوێنانەن کە دەکرێ بەهۆیانەوە ئازادی و مافەکانی تاك و کۆمەڵ و سەرئەنجامیش ژیانێکی ئارام و ئاسوودە و کۆمەڵگایەکی بەختەوەر بەرهەم بێت. بەڵام مەرج نییە پێی مسۆگەر بکرێت. لە ئەمەریکای لاتین نزیکەی نیو سەدەیە پرۆسەی بەدیموکراسی بوون دەستی پێکردووە. کەچی ئەم پرۆسەیە هەروا لە هەڵکشان و داکشاندایەو هێشتا لەهیچ کام لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا ژیانێکی شایستەی بۆ خەڵکی خۆی پێ دابین نەکراوە.

دەسەڵاتدارانی شیعەو ڕێبەرە مەزهەبیەکانیشیان لەعیراق، جەماوەری شیعەیان بەرەو شوێنێکی تر و ئامانجگەلێکی تر ڕاپێچەك داوە. و لەبری بنەماکانی دیموکراسی و دەستورێکی شارستانیانەو مۆدێرن، ئازادی سنگ کوتان و لەخۆدانیان بۆ حوسێن کردۆتە مادەیەکی دەستووری و سەرۆك وەزیرانی ئەوروپا دیدەو خاوەن بڕوانامەی دکتۆراش، ژنانی سەر ڕووت و بێ لەچك لە مەکتەبەکەی خۆی دەردەکات. ئەمە بێ ئەوەی بۆی گرنگ بێت وەها ڕەفتارێك چەندە پێچەوانەی مافەکانی ژن و مرۆڤ و شارستانیەتە. کە دیارە لەکاتێکدا

ڕەشنووسی دەستوور بۆیەك جاریش چییە ناوی چەمك و دەستەواژەی (مافی مرۆڤ)ی تێدا نەهاتبێت، ئەم جۆرە شتانەش زۆر ئاساییین و دەبێ چاوەڕێی خراپتریش بین.

لەملاشەوە نابێ بەردەوامیی تیرۆریستان بەم هەموو گوڕو تینەیانەوە تەنیا وەك شتێکی کاتی و دەستێوەردانی دەرەکی سەیربکەین. بەڵکو پتر لەواتایەك دەبەخشێت. لە پێش هەموویانەوە لایەنگیرییەکی جەماوەریی فراوان و هەبوونی پاڵپشتیی لە حەواندنەوەو دەستگرتن و یارمەتیدانی جۆربەجۆری مادی و مەعنەوەی. وەها جەماوەرێك بە ئاشکرا دەریدەبڕێت کە خولیایی ئەو دیموکراسی نییە. بەڵکو ئەوەی خەیاڵی ئەو بەخۆیەوە مەژوڵ دەکات ئایدیۆلۆژیای عروبەو مەزهەبە.

بێ هیچ گومانێکیش پرسی بە دیموکراسی بوونی عیراق لە ئەجێندای ئەمەریکادا نییە. بەڵکو ئەوەی هەیە بریتییە لە خوڵقاندنی هەلومەرجێك کە لانیکەم سێ خواستی بۆ دابین بکات:

1- مانەوەی هێزە سەربازییەکانی لەعیراق و مسۆگەرکردنی کاریگەریی و حزوری سیاسی لە داهاتوودا. و دەستڕۆیشتوویی لە ناوچەکەدا. و بەرپەرچدانەوەی سەربزێویەکان.
2- دابڕانی عیراق لە جیهانی عەرەب و هێشتنەوەی ڕواڵەتێك لەپەیوەندی.
3- دەرهێنانی عیراق لەبەرەی دژی ئیسرائیل.

ئەمە بەم واتایە نییە کە ئەمەریکا دژی پرۆسەی بە دیموکراسی بوونی عیراقە. بەڵکو بەم واتایەیە کە بۆی گرنگ نییەو خەیاڵی ئەو لە شوێنێکی ترە.

ئەندازەگرتن و پێوانی ئاستی پەرەسەندنی دیموکراسی بەبەراورد لەگەڵ ڕابردووی عیراق کارێکی چەوت و بێواتایە. چونکە مرۆڤێك کە لەسەردەمی برسییەتی و قاتوقڕیدا بەلەتکە نانێك ڕازی بووە، هیچ لۆژیکێك لەمەدا نییە کە لەسەردەمی خۆشگوزەرانی و بەسەرچوونی قات و قڕیدا تەنیا بەدوولەتکە نان و چایەك ڕازی بێت یان بەشایستەی بزانرێت.

هەروا بەراوردکردن لەگەڵ جیهانی دەوروبەریشدا بەهەمان ئەندازە چەوت و بێواتایە. چونکە دەبێ چ شتێك ئێمە ناچاربکات بەوەڕازی بین سیستەمێك لە عیراقدا حوکم فەرما بێت کە تەنیا لەوەی سوریاو عەرەبستانی سعودی و ئەوانی تر باشتربێت و تەواو..؟

لەم هەلومەرجەی عیراقدا، ئێمەی کورد دڵی خۆمان بەوەدەدەینەوە کە کورد ئەو بوارەی لەبەردەمدایە تا لەچوارچێوەی هەرێمە فیدرالییەکەی خۆیدا دەستورێکی باشترو دەوڵەمەندتر بنوسێت و دیموکراسی پیادەبکات. کە ئەمەشیان لەبەردوو هۆ هێندە دڵخۆشکەر نییە: یەکەم بەپتر لەمادەیەکی ڕەشنووسی دەستووری عیراق بەندکراوەو بواری داهێنانی لێ تەنگ کراوەتەوە. دووەمیشیان بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ڕابردوو، و پێکهاتەی سیاسی پارتی و یەکیەتی و تواندنەوەی دەوڵەت لە حزبداو حزبیش لە بنەماڵەو سەرکردەدا، ئومێد بە داهاتوویەکی پرشنگدار لە تروسکە هیوایەك بەولاوە ناهێڵێتەوە.

لە ڕووی ئابووریشەوە، گەرچی گەشەسەندنێکی بەرچاو لە ئارادایە، بەڵام شێوازی ئەم گەشەسەندنە لەسەر ئاستی درێژخایەن، گەلێك مەترسیدارە. چونکە تەنیا بەخەرکردنەوەی تا ڕادەیەك ئاسانی سەرمایە سنووردار‌بووەو لە واقیعدا نەفشێکی تەمبەڵی هێناوەتە کایەوە کە بێ ئەوەی کارێکی واقیعی بکات و یان شتێك بەرهەم بێنێت پارە لەسەریەك سەفتەدەکات. ئەمەش لەسەرکردە سیاسیەکانەوە دەست پێدەکات و بە ئەندامەکانی سەرکردایەتی و کارمەندانی باڵادا ڕەتدەبێت تا دەگاتە تەواوی خانەوادەو خزم و کەسوکارو

تەنانەت دراوسێکانیشیان. و لەشکرێك بەناوی مووچەخۆرەوە مانگانە پارەیەکی زۆر دەخەنە تەنکەی باخەڵ و نەك هەر کارێك ناکەن بەڵکو تەنانەت ناچنە شوێنی کارەکەشیان..و لەلایەکی تریشەوە بەرپرسانی حزبی و حکومی زەوی و زارو پارەو سامانی وڵات بە موڵکی خۆیان دەزانن و پیاوەتی پێوەدەکەن. و هەروا بەهەوای شان بەسەر دڵخوازانی خۆیاندا دابەشی دەکەن.

لەسەر ئاستی گشتی، بزووتنەوەی ئابووری بەچەند پرۆژەی بچوکی بیناسازی و ئاووکارەباو جادەو پرد سنووردداربووەو لەسەر ئاستی ستراتیژی پلان و بەرنامەیەك لە ئارادا نییە.

دەربارەی مافەکانیش هەروەك دەگوترێت مافی مرۆڤ بریتییە لەمافی ژن ئەوە بەچەندان شێوازی جیاواز، بەئاشکراو داپۆشراو پێشێلدەکرێت. چ پێشێلکارییەك لەوە گەورەترە وەزێرێك کە باڵاترین پۆستی ئیداری و دەوڵەتی لەدەستدایە چوارژنی هەبێت و بەسەری پیری شەرم نەکات لەوەی لەگەڵ کەسێك بەتەمەنی کچەکەی خۆی بیکات بە پێنج و یاسایەکیش نەبێت ڕێگا لەم شەرمەزارییە بگرێت. ئیتر چۆن دەتوانین باس لە هەبوونی مافەکان بکەین.!

بەمجۆرە ئێمە خشتی ئومێدمان لەسەر دیواری گەندەڵیی سیاسی و ئیداری و ئابووری و ئەخلاقی.. دادەنێین و ئەمڕۆ دەسەڵات چ لە لەسەر ئاستی عیراق و چ ئاستی کوردستانیش لە ئێمە بوونە ئەو پیرەژنە جادووگەرەی داری دەستووریان بەدەستەوە گرتووەو هەروا لە ڕاوەشاندنیدان و لێکدا لێکدا پێمان دەڵێن کە: بەسیحری دەستوور لەخۆشیدا دەتانخنکێنین. کە بەڕاستیش ڕەنگە بمانخنکێنن بەڵام بەدڵنیاییەوە لەخۆشیدا نا..!!